# نامۆبوون لە پێناوی ئاشنایەتیدا

## خوێندنەوەیە بۆ دیوانی "قاڵیەک ئەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە"ی رەزا عەلی پوور

سەردار عەزیز

مورەبەعێ دابنێ،
لە سەری دانیشە
بیر لە لۆرکا بکەرەوە
؛ ئیسپانیا یانی گا.

رەزا ئاوا ئەمانباتە نێو چامەکەیەوە. دەقێک کە ناونیشانێکی هەیە؛ ناچارمان ئەکات بحەپەسێین. قاڵیەک ئەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە. رەزا لە پێشینەدا داوامان لێئەکات بیرکەینەوە. بۆ ئەوەی بیرکەینەوە پێویستمان بە پانتاییەکە، ئەم پانتاییە لە سەرەتادا بەلای ئەوەوە لە شێوەی چوارگۆشەدایە. پاشان دەبێتە موکەعەب. دیارە موکەعەب گۆشەی لە چواگۆشە پترە. کاتێک کە پانتاییەکمان دانا یان وەدەستهێنا، دەبێ لە سەری دابنیشین. ئایا بۆ ئەوەی بیرکەینەوە پێویستە لە سەر شوێنێک دابنیشین. بۆ من ئەمە مایەی پرسیارە. دانیشتن لە سەر، بۆ نموونە دانیشتن لە سەر کورسی، یان لە سەر عەرش، هەردەم و هەردەم شێوازێکە لە پیادەکردنی دەسەڵات. چونکە ووشەی لە سەر لە هەمانکاتدا پێچەوانەکەشی هەڵئەگرێ. کاتێک کەسێک لە سەر چوارگۆشەیە دائەنیشێ بە سروشت پانتایی تر دەکەوێتە ژێریەوە، کە ئەو ئەتوانێ بیانبینێ یان دەسەڵات بەسەریانا پیادەکات. ئەگەر بیرکردنەوە رێگایەک بێت بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە ئەوا وەک لە فرانسیسی بێکنەوە بیستمان؛ مەعریفە دەسەڵاتە. ئایا رزا هەر لەسەرەتاوە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات ئامادەمان ئەکات.

بەڵام کە کاتێکا ئەو شوێنمان بۆ دیاری ئەکات، تەنها بەوەوە ناوەستێ بەڵکو پێشمان ئەڵێ بیر لە چی بکەینەوە. (کە تا ئاستێک داخوازیەکی تۆتالیتاریانەیە) رەزا داوامان لێئەکات بیر لە لۆرکا بکەینەوە. بیرکردنەوە لە لۆرکا، داواکاریەکە سەخت و گرانە. ئێمە وەک خوێنەرێ چۆن بیر لە لۆرکا بکەینەوە. بیر لە شیعرەکانی لۆرکا بکەینەوە، بیر لە کەسی لۆرکا بکەینەوە، بیر لە هۆمۆسێکچوالێتی لۆرکا بکەینەوە، یان بیر لە مەرگە تراژیدیەکەی لۆرکا بکەینەوە، یان بیر لە قەرەجێتی لۆرکا بکەینەوە، یان بیر لە ئیسپانیای سەردەمی لۆرکا بکەینەوە. لە هەمانکاتدا بیرکردنەوە لە هەریەکێک لەوانەی سەرەوە، بیرکردنەوەیە لە سەرتاپا ئەوانی تر. شیعرەکانی لۆرکا دەربارەی مەرگن، مەرگی ئەو یەکێکە لە تراژیدیاکانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. قەرەج بوون و هۆمۆسێکچوالیەتی ئەو سەر بەو پانتاییەن کە پێی دەڵێن پەراوێز. ئەو پانتاییەی کە فیکری پۆست مۆدرێنی داگیرکردوە. بەڵام رەنگە لە دوا برگەی رستەکەدا رەزا بیەوێ یارمەتیمان بدات کاتێک پێمان ئەڵێت؛ ئیسپانیا یانی گا. لۆرکا شیعری زۆری دەربارەی گا و شەرە گا هەیە. لە دەقی لاشەیەکی پاڵەوتو باس لە مەرگی ئیگناچیو ئەکات بە شاخی گایەک. ئەو دڵتەنگ نیە بۆ مەرگی ئیگناچیو، لە دوا دێردا دەڵێ؛ برۆ ئیگناچیو، هەست بە ئازار مەکە. بنو، بفرە، بحەسێوە؛ هەتا دەریاش ئەمرێت. بەڵام پێکەوە گرێدانی ئیسپانیا و گا و لۆرکا، سیینەیەکمان بۆ بونیادئەنێ؛ کە بیرکردنەوە لە نێویا ئاسان نیە. ئەگەر ئیسپانیا و گا و لۆرکا، هەریەکە بە تەنها مانایەک دەبەخشن ئەوا پێکەوە گرێدانیان چیرۆکێک دەهۆنێتەوە. کوتومت وەک چیرۆکی سێنەی ئاینی فەلە؛ باوک و کور و رۆحی پیرۆز. سێینەی ئیسپانیا و لۆرکا و گا؛ چیرۆکی فاشیزممان بۆ ئەگێڕێتەوە. چیرۆکی جەنەراڵ فرانکۆ، چیرۆکی شەری ناوخۆ، چیرۆکی ئەنارکیستەکانی بەرشەلۆنە، چیرۆکی یەکێک لەو شەرانەی کە پانتاییەکی زۆری خەیاڵی ئەدەبی و سیاسی و فیکری مرۆڤایەتی داگیرکردوە. رەنگە تەنها رێکەوت بێت لە یادی حەفتاساڵەی شەری ناوخۆی ئیسپانیادا رەزا ئاوا بەخێرهاتنمان ئەکات بۆ دەقەکەی.

بەڵام کە رۆ ئەچینە نێو کونج و کە لەبەرەکانی دەقەکەوە؛ ئێمە وەک خوێنەر رووبەرووی پرسیاری تر ئەبینەوە. دەقەکەی رەزا ئاسان نیە، نایەوێ خۆی بەدەستەوە بدات. رەنگە ئەوە یەکێک بێت لە تایبەتمەندیەکانی دەقی جیدی، بەتایبەتی دەقەکانی سەردەمی مۆدێرنە. جویس، کە کەسێکی ترە لە دەقەکەدا ناوی هاتووە، هەردەم هەڵەودای ئەوەبوو کە خوێنەرو رەخنەگران بۆ زەمەنێکی زۆر درێژ بە خۆیەوە سەرقاڵ کات.

رەزا لە رێگەی زمانەوە، یارمەتیمان ئەدات بۆ ئەوەی بە کارێک هەستین کە بەلای ئیمانوئێل لیڤیناسەوە ئەرکی سەرەکی فەلسەفەیە. ئەرکی فەلسەفە لای لیڤیناس لە سادەخستنی سادەیە. کاتێک دیاریدەیەک دەبێتە سادە، ئەوا چی دی نابێتە جێی سەرنجمان لە دەرئەنجامدا نابێتە جێی بیرکردنەوەمان، ئەگەر بە ئاگانەیەین ئەوا هەردەم مەترسی ئەوە هەیە دونیا و دەوروبەرەکەمان و چەمکەکان سادەبنەوە. بە سادەبوونەوە ئیتر ئێمە لە بیرکردنەوە ئەکەوین. لێرەوە بە پێی کۆجیتۆکەی دیکارت ئێمە بوونمان نابێ؛ چونکە من کاتێک بوونی هەیە کە بیرئەکاتەوە. ئەگەر بۆ نموونە ناونیشانی دەقەکە وەرگرین. لە خەیاڵدانی ئێمەدا قاڵی بە

گوڵەکانیەوە جوانە، بە گوڵەکانیەوە رازاوەیە، زۆریش ئەگەری ئەوە هەیە کە قاڵی بە گوڵەکانیەوە بناسینەوە یان دیاریبکەین. بۆیە لە بیرکردنەوەی سادەدا قاڵی و گوڵەکانی هاوتەبان، یەکن، لە پێکەوەبوونێکی هارمۆنیدان. بەڵام رەزا پێمان ئەڵێ؛ نا دەکرێ قاڵی لە گوڵەکانی ماندووبێت، نەک تەنها گوڵێکی بەڵکو سەرتاپا گوڵەکانی. ماندووبوون یانی بوونی ناکۆکی، جودایی، نارەزایی. بۆ من وەک خوێنەرێک ئەم دێرە چەندە دەتوانێ مانا بەخش بێت، بە مانایەکی تر ببێتە هۆی بیرکردنەوەم. لە هەمانکاتدا دێرێکی ئەبستراکتە. وەک دەزانین لە هونەری شێوەکاریا تابلۆی ئەبستراکت بۆ ئەوە نەکێشراوە ئێمە بیرکەینەوە؛ بەڵکو تابلۆی ئەبستراکت تێکەڵەیەکە لە رەنگ بۆ ئەوەی کێشراوە کە هەستێک بە ئێمە ببەخشێ، بۆیە ئەوانەی کە بە هونەر ئاشنانین، هەردەم لەبەردەم تابلۆیەکی ئەبستارکتا ئەپرسن؛ نازانم ئەم تابلۆیە یانی چی.

رەهەندێکی تری دەقەکەی رەزا، کە دیسانەوە رەهەندێکی زمانەوانیە، رەهەندی جووت مانابیە، یان وەک لە زمانی ئینگلیزیدا پێی ئەوترێ پۆن. ئەم دیاریدەیە زیاتر لە دەقەکانی نوسەری ئایرلەندی جیمس جویسدا ناسراوە. دەقی یولوسێس دقێکی پرە لە ووشە و رستەی جووت مانایی، هەرئەوەشە وەهایکردوە کە دەقێک بێت بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات.

رەزا دەڵێ؛ ناترسم لەم دێرەدا کەوشەکانم دابکەنم. ئەم دێرە دەتوانرێ بە دوو جۆر بخوێنرێتەوە؛ یەک؛ ناترسم لەم دێرەدا کە-وشەکانم دابکەنم، دوو؛ ناترسم لەم دێرەدا کەوشەکان (کە بە مانای پێڵاوەکانم دێت لە زاراوەی سلێمانی؛ چونکە ووشەی کەوش لە ووشەی کەفشی فارسی وە هاتووە کە مانای پێڵاو دێت) دابکەنم. بە هەبوونی کرداری داکەندن کە تەنها بۆ کەوش ئەشێت ئەوا مانای سەرەتایی رستەکە بەپێڵاودێت، بەڵام بە هەبوونی ووشەی دێر لە سەرەتادا؛ ئەوا زیاتر بە مانای ووشە دێت.  ئەم دیاریدەی یاریکردنە بە ووشە دەگەرێتەوە بۆ فەیلەسوفی زمانەوانی ئوتریش ڤیگنشتاین. ڤیگنیشتاین بروای وەهایە کە ئەتوانرێ ووشە بکرێتە ئامرازی یاریکردن وەک هەموو ئامرازەکانی تری یاری. دەقی چاوەروانی گۆدۆی سەمۆئیڵ بێکێت لە هەموو دەقێکی تر زیاتر ئەم خەسڵەتەی بەسەرا زاڵە.

بیرکردنەوەی پەراوێزیانە رەهەندێکی تری دەقەکەیە. غەریبی لە ئەسڵا بۆ نامە داهێنرا. ئەم دێرە پرە لە ئیشکالیەت. ئەگەر بڵێین غەریبی نامەی داهێنا، ئەوا چەقمان بە سەر پەراوێزدا زاڵکرد، لە ئەنجامدا  بیرکردنەوە نارسکێ. چونکە غەریبی زۆر لە نامەنووسین ئاڵۆزترە، بەڵکو نامە شێوازێکە بۆ دەربرینی غەریبی. بەڵام رەزا ئەم بونیادە لنگەو قوچ ئەکاتەوە. بۆیە ئەم دێرە بەم شێوازە دەربرینە ئەمانخاتە بەرامبەر دەریایەک لە بیرکردنەوە. غەریبی و پەیوەندیکردن، غەریبی و دەربرین، غەریبی و نووسین، غەریبی و ئەویتر، غەریبی و ئازار، غەریبی و مەودا.  لە رێی ئەو رەهەندانەوە رەزا نامۆمان ئەکات، نامۆبوونیش تاقەرێگایە بۆ ئاشنابوون؛ ئاشنابوونێک کە بۆ ساتەوەختێ بەتاڵە لە نامۆیەتی و پاشان دەگەرێینەوە بۆ نامۆبوون، چونکە وەک 'بوونێکی بیرکەرەوە' لەگەڵ ئاشنایەتیدا ئاشنایەتیمان نیە.